# یادی دوعا لەناوەندی لەندەن ڕێز لێگیرا




ڕۆژی 7-5 کاتژمێر 8 ئێوارە پاش ئیمزاکردنی 103 کەسایەتی ونووسەرو ڕۆشنبیر لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان ،مەراسیمیك بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و پەنابەران و کەسایەتی ئازادی خوازو یەکسانی خواز لەناوەندی مەیدانی تراڤل گاسکۆیر لە لەندەن بۆ ڕیزگرتن لەیادی دوعا و دەربرینی نارەزایەتی و ئیدانەکردنی بەردەباران کردنی دوعا ورەشەکوژی ژنان ودژ بەشەر مەزهەبی بەڕێوەبرا.

سەرەتا بە 2 دەقە وەستان بۆ یادی دوعا ریز لیگیرا پاشان نۆینەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان پەیامی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە ترجیدیا ی کوشتنی دوعا ، دژ بەفەرهەنگی دواکەوتوانە و پیاو سالاری و ناموس پەرستی دەربری ،پاش ئیدانەی ئەم تاوانە ،داواکاری سزای توندی تاوان باران وهەموو ئەوانەی دەستیان لەئەنجام دانی ئەم تاوانەدا بوو لەدادگایەکی ئاشکرا ڕاگەیەند ، هاوکات ئامادەبوان تاکیدیان لەسەر جیای دین لەدەولەت وگورینی یاسا بەقازانجی ژنان لەکوردستان کرد، وە جەختیان کرد لەسەردەستکۆتاکردنی دەستی عەشیرەتو خێڵ لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان .

بریاریارن دا کەمپینی ڕێکخراوەکانی ژنان بەردەوام بێت لەئاستی بەریتانیا و جیهاندا لەپێناو پارستنی مافەکانی ژنان لەکوردستان ویەکسانی و بەرابەری ژنان خەباتی خۆیان دریژە پێبدەن

شایەنی باسە چەند کەنالی ڕاگەیاندن لەم مەراسیمە بەشداریان کرد.

**بەشداربوان**:

- ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان
- فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق- ڕێکخراوی بەریتانیا
- ڕێکخراوی ئازادی ژن / نوێنەرایەتی دەرەوە
- کۆنگرەی ئازادی عێراق/ نوێنەرایەتی دەرەوە
- ناوەندی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان
- فدراسیۆنی پەنابەرانی کورد - کێرکلیس

- **كۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی – کێرکلیس**
- **كۆمەڵەی دۆستێنی کوردی رۆژئاوا لەبەریتانیا**
- **كۆمەڵەی ژنانی کورد – کێرکلیس**
- **كۆمەڵەی کوردی رۆژهەلات – کێرکلیس**
- **رێکخراوی مافەکانی ژنانی کودو ئێرانی**
- **کەمینی نێونەتەوەیی دژی قەتلی ناموسی**

